# The impact of artificial intelligence on the work of the United Nations (an analytical study)

**Mohammed Karim Haji[1], Sharee Khalid Marouf[2]**
[1]Student of Master in Public Law/ Department of Law/ Faculty of Law, Political Sciences and Management/ Soran University / Kurdistan Regional Government- Iraq,
[2]Department of Law / Faculty of Law and Political Sciences Management/ Soran University / Kurdistan Regional Government - Iraq

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2574.08*

*Published: 15/1/2025*

## *Abstract*
*Artificial intelligence (AI) technology holds profound significance, especially within the realm of international legal jurisprudence. Given its nuanced nature, particularly in the context of UN resolutions, it is imperative to ensure its proper consideration in international endeavors. Given its heightened sensitivity, particularly in UN deliberations, understanding the legal and global implications of AI's functionality is paramount, especially concerning UN mandates. Thus, the objective of this research is to elucidate the role and significance of AI in human rights, international security and sustainable development fields. To achieve this aim, analytical methodologies are employed to scrutinize the concepts and legal frameworks of international law. The conclusion of this study underscores the substantial impact of artificial intelligence on shaping the course of United Nations activities, necessitating continued efforts by UN agencies to effectively navigate its integration.*
***Keyword***: *Artificial Intelligence, International Law, United Nations, human rights, international security, sustainable development.*

# کاریگەریی هزری دەستکرد لە سەر کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

(توێژینەوەیەکی شیکارییە)

پ. ی. د. شاری خالد معروف

بەشی یاسا/ فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن/ زانکۆی سۆران.

محمد کریم حاجی

قوتابی ماستەر لە

بەشی یاسا/ فاکەڵتی یاسا و زانستە سیاسییەکان و بەڕێوەبردن/ زانکۆی سۆران

پوختە

تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد بە گشتی و بە تایبەتیش لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا، جێگەی گرنگیدانی یاسایی و فقهی یاساییە، بۆئەوەی سروشت و چییەتیی ئەم تەکنەلۆژیایە ڕۆشن بێت و بە شێوەیەکی دروست ڕەچاوی بکەن، لە کاتی کردارە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە زۆر هەستیارە، بە تایبەت بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەوەی، کە هزری دەستکرد چ ڕۆڵێکی هەیە، بە شێوەیەکی یاسایی و نێودەوڵەتی، بە تایبەت لە بڕیار و کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا. دەرخستنی ئەو ڕۆڵ و گرنگییانەی کە لە پرسی مافەکانی مرۆڤ، ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی بەردەوام(التنمية المستدامه) هەیەتی، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمانبەستوە بە میتۆدی شیکاری، بۆ شیکردنەوەی بیروڕا و دەقە یاساییەکانی یاسای نێودەوڵەتی. لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت، کە هزری دەستکرد کاریگەری زۆری هەیە، لە ئاراستەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و زانستەکەش ئاڵۆزیی جۆراوجۆرێتی زۆری تێدایە، کە ئەمەش وا دەکات بەردەوام لە گەشەدا بێت و یاسا نێودەوڵەتییەکانیش لە گۆڕاندا بن، دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام لە هەوڵی ڕێکخستنیدا بن و بڕیار و کۆبوونەوەی گرنگ ببەستن.

**وشە سەرەکییەکان:** هزری دەستکرد، یاسای نێودەوڵەتی، نەتەوە یەکگرتووەکان، مافەکانی مرۆڤ، ئاسایشی نێودەوڵەتی، گەشەپێدانی بەردەوام.

## ١. پێشەکی:

لەگەڵ بەجیهانیبوونی پەیوەندییەکانی مرۆڤ و فراوانبوونی بوارەکاندا، چەندین پرسی گرنگ ڕوو لە جیهان دەکەن، کە جێگای بایەخن بۆ یاسادانەران و زانایانی بواری یاسایی. ناساندنیان ئەرکێکی سەرەکی کەسانی تایبەتمەندبووە، بۆئەوەی بتوانن گرفتەکان لەگەڵیدا چارەسەر بکەن و بناغەیەکی یاسایی بۆ چەمکەکان فەراهەم بێت، ئەمەش لە بواری جێبەجێکردندا زۆرترین ڕوونی بەدەستەوەدەدات.

بە گشتی تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد و بە تایبەتیش لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا، جێگەی گرنگیدانی یاسایی و فقهی یاساییە، کە سروشت و چییەتیی ئەم تەکنەلۆژیایە ڕۆشن بێت و بەشێوەیەکی دروست ڕەچاوی بکەن، لە کاتی کردارە نێودەوڵەتییەکاندا، چونکە زۆر هەستیارە، بە تایبەت بۆ بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان.

١. کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوەکە خۆی لەوە دەبینێتەوە، چۆنیەتی ڕێکخستنی هزری دەستکرد، بە تایبەتی لە ناو کار و چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، کاریگەری زۆری بە سەر جیهاندا هەیە، کە تەکنەلۆژیایەکی پێشکەوتوە، خۆی خزاندۆتە ناو هەموو بوارەکان، کاریگەری زۆری لە سەر سیستەمی یاسایی هەیە، بە تایبەت بۆ یاسای نێودەوڵەتی، بۆیە کێشەکە لەوەدایە؛ ئەو کاریگەرییەی لە سەر کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەگەڵ بەرەوپێشچوون و بە جیهانیبوونی هزری دەستکرد دروست دەبێت، بە تایبەت لە پرسی مافەکانی مرۆڤ، ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی بەردەوام(التنمیة المستدامە)، کاریگەری باڵای هەیە، تاوەکو بەردەوام ببێتە جێگای گفتوگۆی دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەروەها کاریگەری هەیە بە سەر ئاراستەی جیهانبینیی نێودەوڵەتی، لەگەڵ ئەوەی تەکنەلۆژیای هزری دەستکردیش(AI)، جێگای گفتوگۆیە لەبەر نوێیی، بۆیە گرفتەکە لێرەیە، کە ئاخۆ کاریگەرییەکانی هزری دەستکرد چییە، لە سەر بڕیار و ئاراستەی وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕۆژانە ئامێری هزری نوێ دێتە بوون و پەیوەندی زۆری بە پرسە مرۆیی و ئەخلاقییەکانەوە هەیە.

٢. پرسیارەکانی توێژینەوە:

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا، هەوڵدەدرێت پرسیارەکان بەم شێوەی خوارەوە بخرێتەڕوو:

١. هزری دەستکرد چییە؟ مانا و جۆرەکانی چین؟
٢. جێبەجێکارییەکانی تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد لە سەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان چۆنە؟ لە پرسی مافەکانی مرۆڤ، ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی بەردەوام(التنمیة المستدامە)دا؟

## ٣. گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ دیاریکردنی چییەتیی هزری دەستکرد، لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتیدا، بە تایبەت لە چوارچێوەی کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بە هۆیەوە دەبێتە دیارخەری ئەم کاریگەری و ڕۆڵەی لە چوارچێوەی سیاسەتی نێودەوڵەتیی وڵاتاندا هەیە، هەروەها دیاریکردنی ئەو کاریگەری و جێبەجێکاریانەی هزری دەستکرد بە جۆرێکە لە سەر کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە پرسی مافەکانی مرۆڤ، ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی بەردەوام(التنمیة المستدامە)، چونکە کاریگەری زۆری لە سەر ئەو قەیرانە مرۆییانە هەیە، کە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتوە لە سەردەمی ئێستادا، دەتوانێت کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەرەو سەردەمێکی تر ببات.

## ٤. ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵێکە بۆ گەیشتن بەوەی، کە هزری دەستکرد چ ڕۆڵێکی هەیە بە شێوەیەکی یاسایی و نێودەوڵەتی، بە تایبەت لە بڕیار و کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دیارخستنی ئەو ڕۆڵ و گرنگییانەی، کە لە پرسی مافەکانی مرۆڤ، ئاسایشی نێودەوڵەتی و گەشەپێدانی بەردەوام(التنمية المستدامه)دا هەیەتی، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی خودی زانستی هزری دەستکرد جێگای باسی زانستییە، لە لایەک، لایەنی یاسایی لە لایەکی ترەوە، کاریگەری ئەوتۆی دەبێت لە سەر ئاراستەی یاسای نێودەوڵەتی، کە پرسەکانیش هەستیار، جێگای بایەخ و پەیوەندیدارن بە پرسی مرۆیی.

٥. میتۆدی توێژینەوە:

ناتوانرێت نکوڵی لەوە بکرێت، کە نوسینی هەر توێژینەوەیەک یاخود خستنەڕوویەکی زانستی، پێویستی بە پشتبەستن بە میتۆدێک یان زیاتر هەیە، بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستەش پشتمان بەستوە بە میتۆدی شیکاری، بۆ شیکردنەوەی بیروڕا و دەقە یاساییەکانی یاسای نێودەوڵەتی.

**٦. چوارچێوەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی گشتی دابەش دەکرێت بە سەر چوار تەوەر؛ لە تەوەری یەکەمدا: **پێشەکی** بابەتی توێژینەوەکە دەخرێتەڕوو، تەوەری دووەم: وەک دەروازەیەکە بۆ چوونە ناو بابەتەکە، باسی **چییەتیی هزری دەستکرد** دەکرێت، هەروەها لە تەوەری سێیەمدا: **جێبەجێکاریەکانی تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد لە سەر بریارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا** دەخرێتەڕوو، لە کۆتایی و تەوەری چوارەمیشدا: گرنگترین **ئەنجام و ڕاسپاردانەکان** دەخرێنەڕوو بە مەبەستی سوود لێوەرگرتنیان.

٢. چییەتیی هزری دەستکرد

ناساندن بۆ چەمکە سەرەکیەکانی بابەتی هەر توێژینەوەیەکی زانستی، یەکێکە لە خاڵە هەرە گرنگ و جێگای بایەخەکان، بۆئەوەی لە لای خوێنەران ڕۆشنی هەبێت، هەربۆیە لەم تەوەرەدا، واتای هزری دەستکرد لە باسی یەکەمدا و جۆرەکانی هزری دەستکرد لە باسی دووەمدا دەخەینەڕوو.

١. واتای هزری دەستکرد

بۆئەوەی لە واتای تەواوی هزری دەستکرد تێبگەین، بێگومان پێویستە بزانین، کە ئایا هزری دەستکرد لە ڕووی زمانەوانی و زاراوەیی بە چ شێوازێک پێناسەکراوە، بۆیە بە دوو لق پێناسەی هزری دەستکرد دەکەین، لە لقی یەکەمدا لە ڕووی زمانەوانی و لە لقی دووەمدا لە ڕووی زاراوەییدا و لە لقی سێیەمدا لە ڕووی یاسایی.

١. پێناسەی هزری دەستکرد لە ڕووی زمانەوانی

لە زمانی عەرەبیدا (الذكاء الإصطناعي) بۆ بەکارهاتوە، کە وشەی (الذكاء) بە واتای هزر و توانای باشڕۆیاندندا هاتوە و وشەی (الإصطناعي) بە واتای دەستکرد، یاخود دروستکراو لە سەنعی کەسێک و شتێکیتردا (فەرهەنگی ئەلمەعانی، ٢٠١٠).

بە هەمان شێوەش لە زمانی ئینگلیزیدا، بە کورتکراوەی (AI)، کە لە (Artificial) و (Intelligence) هاتوە (فەرهەنگی کامبریج، ٢٠٢٤)، بە هەمان واتای سەرەوە هاتوە، بۆیە بەیەکەوە بە واتای هزری دەستکرد دێن. لە ڕووی زمانەوانی لە زمانی کوردیدا، گەلێک وشە و دەستەواژەی وەک (هزریی دەستکرد و ژیریی دەستکرد)ی بۆ بەکاردەهێنرێت، بەڵام لای ئێمە دروستترینیان بریتییە لە هزری دەستکرد، لەبەرئەوەی سەرچاوەی هزری و ژیری بریتییە لە عەقڵ و هزر، هەربۆیەش لە زمانی ئینگلیزی وشەی (intellegence)، هاتوە ئەمەش لە کوردیدا بۆ هزر و عەقڵ دەگەڕێتەوە، بۆیە لامان وایە، هزریی هیندەی هزر دروست نیە بۆ چەمکەکە (فەرهەنگی براذۆست، ٢٠٢٤).

٢. پێناسەی هزری دەستکرد لە ڕووی زاراوەیی

لەڕووی زاراوەییەوە؛ پێناسەی جۆربەجۆر و جیاوازی بۆ کراوە، دەگوترێت هەوڵێکی نوێی سەرنجڕاکێشە، بۆئەوەی کۆمپیوتەرەکان بیربکەنەوە، هەروەها ئامێرێکی خاوەن عەقڵە، بە واتای تەواو و زارەکییەکەی لێکۆڵینەوە لە توانا دەروونیەکان دەکات، لە ڕێگەی بەکارهێنانی مۆدێلی ژمێریاری (Russell and Norvig, 2010, 3).

بە گوتەی زانای هزری دەستکرد **جۆن مەکارتی**، بریتییە لە زانستی ئەندازیاری دروستکردنی ئامێری زیرەک، لە بواری زانستی کۆمپیوتەردا، هزری دەستکرد ڕێگایەکە بۆئەوەی کۆمپیوتەر و ڕۆبۆتەکان بە هزر بیربکەنەوە، بەو شێوەیەی مرۆڤە زیرەکەکان بیری لێدەکەنەوە (A group of students, 2015, 1)، بە لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی مێشکی مرۆڤ، و چۆنیەتی فێربوون و بڕیاردان و کارکردنی مرۆڤ لە کاتی هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک و دواتر بەکارهێنانی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە، وەک بنەمایەک بۆ پەرەپێدانی نەرمەکاڵا (software) و سیستەمی زیرەک.

هزر دەستکرد (AI) دۆمەینێکی زانستی کۆمپیوتەرە، مامەڵە لەگەڵ پەرەپێدانی سیستەمی کۆمپیوتەریی زیرەک دەکات، کە توانای هەستکردن و شیکردنەوە و کاردانەوەیان هەیە، بە پێی زانیاریەکان(Ghosh, 2021, 1)، **نۆرڤیگ و ڕوسیل** هزری دەستکردیان بەم شێوەیە پێناسە کردوە، تەکنەلۆژیایەکە دەتوانێت مرۆڤانە بیربکاتەوە، مرۆڤانە مامەڵە بکات، بە عەقڵانی بیربکاتەوە، یان بە شێوەیەکی عەقڵانی مامەڵە بکات، ئەو بوارەی لێکۆڵینەوە لە کۆکردنەوە و شیکاریی ئەو هۆکارە ژمێریاریانە دەکات، کە بە شێوەیەکی زیرەک کاردەکەن، هەروەها (AI) بە کۆمەڵێکی فراوانی شێواز و ئەلگۆریتم و تەکنەلۆژیا پێناسە کراوە، کە نەرمەکاڵاکان بە شێوەیەک زیرەک دەکەن، کە ڕەنگە بۆ دیتنی دەرەکی وەک مرۆڤێک دەربکەوێت، بەشێک لە پێناسەکان، سەرنج دەخەنە سەر ئەو توخمانەی، کە ئاماژەن بۆ هزر گەشەسەندوو، وەک "هۆشیاری، خۆئاگاداری، بەکارهێنانی زمان، توانای فێربوون، توانای گونجاندن و توانای عەقڵکردن(Tzimas, 2022, 35-36)، **ڕوسیل و نۆرڤیگ**، لە نێوان پێناسەکانی هزری دەستکرددا، پێناسەی تایبەتمەندی عەقڵانییان پێ باشتر بووە، بە پێی ئەو سیستەمە، لایەنەکانی هزری دەستکرد بە شێوەیەکی سەربەخۆ کاردەکەن، هەست بە ژینگەکەیان دەکەن، بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەردەوام دەبن، خۆیان لەگەڵ گۆڕانکاریدا دەگونجێنن و باشترین ئەنجامی چاوەڕوانکراو دروست دەکەن و بە دوایدا بگەڕێن.

AI بەوە پێناسە دەکرێت، کە وەک بوارێک و تیۆرێکی بواری خوێندن، هەروەها AI وەک لێکۆڵینەوەیەک پێناسە دەکەن، بوارێک لە زانستی کۆمپیوتەر کە ئامانجەکانی چارەسەرکردنی کێشە مەعریفیە جیاوازەکانە، کە بە شێوەیەکی باو پەیوەندیان بە هزری مرۆڤ، وەک فێربوون، چارەسەرکردنی کێشەکان... هتد هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا AI یان وەک ئامێرێک پێناسە کردوە کە دەتوانێت نزیکبوونەوە بۆ هەڵێنجاندن(ئیستدلال)ەکانی مرۆڤ بکات، کە ناسینەوەیە، دواتر گونجاندن (Lin and Chen, 2020, ٧٥٢٦٧).

لەگەڵ ئەوەی هزری دەستکرد، خۆی لە خۆیدا جێگای باسە و بەردەوام لە ڕووی ئەخلاقی و یاسایی جێگای بایەخە (Chomsky, Roberts and Watumull, 2023, 7) ، ئەم پێناسانەی سەرەوە دەرخەری ئەو ڕاستیەن، هزری دەستکرد پانتاییەکی فراوان و بە خێرایەکی زۆر شوێنی خۆی لە زانستی کۆمپیوتەر کردۆتەوە و جیهانی داگیرکردوە و خۆی خزاندۆتە گشت کایەکان. کەواتە، دەتوانرێت بگوترێت، زانستی هزری دەستکرد بریتییە لە زانستێکی کۆمپیوتەری، کە هزر و توانای ناسینەوەی هەیە، لەو ڕێگایەی وەک مرۆڤێکی زیرەک ئەنجامبدات و چارەسەری هەبێت بۆ داواکاری و گرفتەکان،

لەگەڵیشیدا ئەنجامگیری بکات، جگە لەمەش چەکێکی دوو سەرەیە، لەگەڵ ناساندنیدا، بەشێک لە زانا و فەیلەسوفان ڕەخنەی ئاراستەدەکەن.

٣. پێناسەی هزری دەستکرد لە ڕووی یاسایی

لە ڕووی یاسایی ناتوانرێت بگوترێت، پێناسەیەکی یاسایی (مانع و جامع) هەیە بۆ زانستی هزری دەستکرد، چونکە هەر وڵاتە و فەلسەفەی یاسایی و دەستووری جیاوازە و زانستەکەش بەردەوام لە گۆڕاندایە و نوێگەری هەیە، بەڵام ئەگەر سەیربکرێت وڵاتانی ڕۆژئاوایی زیاتر دەستیان گەیشتوە بە زانستەکە و لە ناو یاساکاندا دەقیان داوە.

لە یەکێک لە پرۆژە یاساکانی ویلایەتی ئەمریکادا، وەک زاراوە؛ هزری دەستکردی ناساندوە، کەوا، ئەو سیستەمە تەکنیکیانەی کە وەک مرۆڤ بیردەکەنەوە، وەک بیناسازیی مەعریفی و تۆڕە دەماریەکان و ئەو سیستەمانەی، دەتوانن لە تاقیکردنەوەکاندا بەشدار بن، هەروەها هەوڵدەدەن هەندێک ئەرکی تەکنیکی و مەعریفی نزیکبکەنەوە، هەر لە ناویدا دەگوترێت، ئەو سیستەمەی کە بە شێوەیەکی عەقڵانی کاردەکات. بازنەی ئەو لیژنەیەی لە دەستپێشخەریەکەدا پێشنیازکراوە بریتییە لە دەرکردنی ڕێنمایی لە سەر چەند بابەتێک کە گرنگترینیان بریتین لە: ڕاهێنانی ئەخلاقی بۆ گەشەپێدەران، ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، بەرزکردنەوەی توانای کێبڕکێی نێودەوڵەتی و بەرەوپێشبردنی هاوکاری نێودەوڵەتی لە بواری هزری دەستکرد، پێناسەکردنی بەرپرسیارێتی سیستەمی هزری دەستکرد بۆ کارکردن لە سەر هاوکاریکردنی هزری دەستکرد بۆ حکومەت.

دەستپێشخەریەکەی ئەمریکا ڕەنگە ڕێگە بدات لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ پێشهاتەکانی بواری هزری دەستکرد بکرێت، بەو پێیەی سەرۆکی ئەمریکا ترەمپ فەرمانی جێبەجێکردنی واژۆ نەکرد بە ژمارە ١٣٨٥٩ تا ١١ی شوباتی ٢٠١٩، بە ڕاگەیاندنی ئەو ستراتیژەیە، یاسای نیشتمانیی ئەمەریکا لە بارەی هزری دەستکرد، پاشان یاسای ئایندە و ئاسۆی هزری دەستکرد لە جیهاندا دەرچوو، کە یەکەم یاسای فیدراڵییە بۆ هزری دەستکرد لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکەم وڵات بوو، کە ئەخلاقی هزری دەستکردی ڕوون و ڕێکخستەوە (کریم، ٢٠٢٢، ١٠-١١).

هەروەها حکومەتی فەرەنسا بە فەرمی ستراتیژی (هزری دەستکرد)ی بۆ ساڵی ٢٠١٧ دەستپێکرد و یەکێک لە نیشانەکانی ئەو ستراتیژە پێکهێنانی (لیژنەی ڕاوێژکاری نیشتمانی بۆ ئەخلاقیات لە فەرەنسا)، بەو پێیەی پێناسەی هزری دەستکردی بەم شێوەیە کردوە: کۆمەڵێک بەرنامەی زانیاری تایبەتە بە ئەنجامدانی ئەرکەکان، پاشان ئەم پرۆسانە توانا مەعریفیەکان گریمانە دەکەن، کە ڕێگای پێدەدەن بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئامانجەکان بەدەستبهێنێت (هەمان سەرچاوە، ١١).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمیسۆنی ئەورووپی لە ساڵی ٢٠١٢ پرۆپۆزەڵێکی پێشنیازکردبوو بۆ پرسی ڕێکخستنی هزری دەستکرد و دیاریکردنی بەرپرسیارێتی، کە هزری دەستکردی بەوە ناساندوە، کە لە خزمەتی مرڤایەتی دایە. بەڵام لایەنە سەربازیەکەی لێپەڵاوێردەکردوە، کە بەوەی ناساندوە زانستێکی ژیرە لە هەموو بوارەکاندا خزمەتی مرڤایەتی دەکات، بەڵام دەبێت ڕێکبخرێت ( EUROPEAN COMMISSION, ٢٠٢١).

یاسادانەری عێراقی، یاسایەکی لەم جۆرەی نیە و باسی لێوەنەکردوە، بەڵکو تەنیا بە گشتی باسی تەکنەلۆژیا کراوە، ئەمەش لە ڕووی پراکتیکی گرفتی دروستکردوە.

کەواتە، دەردەکەوێت، کەوا ڕێکخستنی زانستی هزری دەستکرد گرنگیەکی زۆری یاسایی هەیە، وڵاتە پێشکەوتوەکانی وەک ئەمریکا و ئەورووپا بەردەوام پێشنیاز و پرۆژە یاسا دەخەنەڕوو بۆ ڕێکخستنی ئەم زانستە و بە ئامێرێکی هزری خۆکارانەیان ناساندوە، کە دەتوانێت کار ئاسانی بکات، بەڵام ئەمەش بێکەموکوڕی و ناڕوونی نیە، بەڵکو گەلێک کەموکوڕی و ناڕوونی هەیە لە پێناسەیەکی ورد و ڕوون بۆ زانستەکە لە ڕووی یاسایی.

٢. جۆرەکانی هزری دەستکرد

زانستی هزری دەستکرد، لەبەر فراوانی بۆ چەند جۆرێک دابەشکراوە، کە بە هۆی پێشکەوتنی سەردەم فراوانتریش دەبێت، بۆیە ڕێژەی کاریگەی لە سەر سیستەمی یاسایی زیاتر دەبێت، لەبەرئەوە لەم باسەدا دەپرژێینە سەر ئەو جۆرانەی زانستی هزری دەستکرد و دابەشکردنیان بە دوو ڕێگای جیاواز، تاوەکو لە یەکتری جیاوازبن، هەربۆیە بە دوو لق باسیان دەکەین، لقی یەکەم بۆ جۆرەکانی هزری دەستکرد بە پێی ئامێر و لقی دووەمیش بۆ جۆرەکانی هزری دەستکرد بە پێی سنوور تەرخاندەکەین

١. جۆرەکانی هزری دەستکرد بە پێی ئامێر

لێرەدا چوار جۆر هزری دەستکرد هەیە، ئەگەر بە پێی ئامێر و ئامراز سەیربکرێت:

**یەکەم: ئامێری کارلێککەر** :کۆنترین و سادەترین سیستەمی هزر دەستکردە، هەروەها تواناکانی زۆر سنووردارە، لاسایی توانای عەقڵی مرۆڤ دەکات بۆ وەڵامدانەوەی جۆرە جیاوازەکانی هاندەر. لە هەمانکاتدا، ئامێرە کارلێککارەکان میمۆری بەکارناهێنن، هەربۆیە ناتوانن سوود لە ئەزموونەکانی پێشوویان وەربگرن لە ئاراستەکردنی هەنگاوەکانی دواتریان، بەڵکو کارلێک لەگەڵ ئەزموونەکانی ئێستا دەکەن، بۆئەوەی بە باشترین شێوە بەرهەمیانبهێنن (معهد الدراسات المصرفية، ٢٠٢١، ٤)، نموونەی ئەم جۆرە هزرە دەستکردە ئامێری دیپ بلوە، کە لە لایەن کۆمپانیای IBM (ئەمریکی) پەرەی پێدراوە و لە پاڵەوانی شەترەنج(Gary Kasparov)ی بردەوە (کۆرسێرا، ٢٠٢٤).

**دووەم: ئامێری میمۆریی سنووردار**: جگە لەوەی توانای ئامێرە کارلێککارەکانیان هەیە، ئەو ئامێرانەی میمۆریان سنووردارە دەتوانن داتای مێژوویی بەکاربهێنن بۆ بڕیاردان و زۆربەی بەرنامەکانی هزر دەستکرد، کە لە ئێستادا ناسراون، دەکەونە ئەم پۆلە. لەوانەش سیستەمی فێربوونی قووڵ، کە لە لایەن بڕێکی زۆر لە داتاکانەوە زانیاریان پێدەدرێت و لە میمۆریەکانیاندا هەڵدەگیرێن، وەک ئاماژەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان نموونەی ئامێرە هزریە دەستکردەکان کە بیرگەی سنووردرایان هەیە، لە چاتبۆتەوە لە بەرنامەکانی نامە ناردنی خێرا و ئەوانی دیکەوە دەستپێدەکات، تا ئەپڵیکەیشنەکانی یاریدەدەری مەجازی لە سەر مۆبایلە زیرەکەکان، هەموو ڕێگایەک بۆ ئۆتۆمبێلی خۆلێخوڕین(عبد النبي، ٢٠٢٠، ١٤٥٤).

**سێیەم: تیۆری عەقڵ:** سیستەمەکانی بنەمای تیۆری عەقڵ هێشتا لە گەشەکردندان، نوێنەرایەتی ئاستی داهاتووی پێشکەوتن بۆ هزری دەستکرد دەکەن، دەتوانن باشتر لەو بوونانە تێبگەن، کە کارلێکیان لەگەڵدا دەکەن، بە تێگەیشتن لە پێداویستییەکان، هەستەکان، بیروباوەڕەکان و پرۆسەی بیرکردنەوە(Zaroukian, 2022, 1).

**چوارەم: خۆئاگاداری:** ئەمەش دوا قۆناغی پەرەپێدانی سیستەمی هزری دەستکردە. تا ئێستا سنووری گریمانەکان تێپەڕنەکراوە. هزری دەستکردی خۆئاگا بەو واتایەیە، کە گەیشتوەتە ئاستێک زۆر لە عەقڵی مرۆڤەوە نزیکە تا ئەو ڕادەیەی ڕێگەی پێدەدات، ئاگاداری بوونی خۆی بێت و پەرە بە خۆئاگاداری بدات، ئەم جۆرە ئامانجی هەموو توێژینەوە و کارەکانی (AI)ە (Chatila, 2018, 3).

٢. جۆرەکانی هزری دەستکرد بە پێی سنوور

لێرەدا تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد پۆلێن دەکرێت بۆ سێ پۆل: هزری دەستکردی تەسک(ANI)، هزری دەستکردی گشتی(AGI)، هزری دەستکردی باڵا(ISA)( عبد النبي، ٢٠٢٠، ١٤٥٥):

**یەکەم: هزری دەستکردی تەسک یان سنووردار:** ئاماژەیە بۆ سیستەمە هزریە دەستکردەی، کە تەنیا دەتوانێت ئەرکی تایبەت بە شێوەیەکی سەربەخۆ ئەنجام بدات، کە تەقلیدی تواناکانی مرۆڤ دەکاتەوە، ئەمەش بەو واتایەیە، کە ئەم سیستەمە سنووردارە و تواناکانیان لەو ئەرکانە تێناپەڕن، کە بۆیان داڕێژراوە.

**دووەم: هزری دەستکردی گشتی:** واتا توانای هزری دەستکرد بۆ فێربوون و هەستکردن و تێگەیشتن و مامەڵەکردن، تەنیا وەک مرۆڤێک بە هاوشێوەکردنی تواناکانی مرۆڤ. ئەم سیستەمە دەتوانێت توانای

هەمەچەشن بنیات بنێت و بگاتە پەیوەندی و گشتاندن، لە چەند بوارێکدا، هیچ نموونەیەکی پراکتیکی لەم جۆرە نیە، چونکە هەموو ئەوەی تا ئێستا هەیە، تەنیا توێژینەوەیە، کە پێویستی بە هەوڵێکی زۆر هەیە، بۆ پەرەپێدان و گۆڕینی بۆ ڕاستی.

**سێیەم: هزر دەستکردی باڵا:** پەرەپێدانی هزری باڵای دەستکرد، لەم بوارەدا نوێنەرایەتی لوتکەی توێژینەوە دەکات، بە بەتواناترین شێوەی هزر لە سەر زەوی دادەنرێت، بە هۆی میمۆری و خێراییە بەرزەکەیەوە لە هەموو ئاستەکاندا سەرکەوتوو دەبێت.

کەواتە، لێرەدا دەردەکەوێت، هەموو هزری دەستکرد لە یەک جۆر و لە یەک شێواز کورت نابێتەوە، وەک چۆن دەیان پێناسەی هەبوو، هەروەها ئاڵۆزییەکی زۆریشی هەیە بۆ دیاریکردنی چییەتی ئەم زانستە، بۆیە بەردەوامە لە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوون، ئەمەش وا دەکات زیاتر بەرەو بە مرۆڤبوونی ڕۆبۆتەکان بچێت لە لایەنی تەکنیکی و وای لێ بێت لە هەموو بوارەکانی ژیان کارلێکبکات، بەڵام ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا گرنگە و جێگای باسە، بۆئەوەی دوورنەکەوینەوە لە مەبەست و ئامانجی توێژینەوەکە، ئەوەیە ئاخۆ چ ڕۆڵێکی لە بواری یاسای نێودەوڵەتیدا هەیە، بە تایبەت لە بابەتی توێژینەوەکەمان؛ لە سەر کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، چ لە کاتی شەڕ، چ لەکاتی ئاشتی، ئەمەش لە تەوەری دووەم بە سوود وەرگرتن لەو تەوەرەی کە باسمانکرد، کاریگەریەکانی دەخەینەڕوو.

٣. جێبەجێکاریەکانی تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد لە سەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان

لەم تەوەرەدا باس لەو هەوڵانە دەکەین، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لێکۆڵینەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنیکەکانی هزری دەستکرد، لە سەردەمی شەڕ و ململانێدا دەیگرنەبەر. گونجاوی ئەو دەقانەی ئێستا هەن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە گەورەیەدا، هەروەها ڕۆڵی دەزگاکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، لە لێکۆڵینەوە لە هزری دەستکرد لە کاتی ئاشتی و بوارەکانی هاوکاری نێودەوڵەتی و گرنگییەکەی لە هەر بوارێکدا. بۆیە ئەم تەوەرە بە سەر سێ باس دابەشدەکەین، باسی یەکەم بریتییە لە جێبەجێکاری هزری دەستکرد تایبەت بە ئاشتی و ئاسایشی نیودەوڵەتی. باسی دووەم بۆ جێبەجێکاری هزری دەستکرد تایبەت بە مافی مرۆڤ. باسی سێیەم بۆ جێبەجێکاری هزری دەستکرد تایبەت بە گەشەپێدانی بەردەوام(التنمية المستدامة).

**١. جێبەجێکاری هزری دەستکرد تایبەت بە ئاشتی و ئاسایشی نیودەوڵەتی**

تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد کاریگەری زۆری لە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەیە لە کرداری سەربازی و ئەمنیدا، بە تایبەت لەم سەدەیەدا، کە تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد لە ئاستێکی بەرزدایە. گرنگی تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد و بەکارهێنانیان لە بواری جەنگ و چەکداریدا، ناتوانرێت چاوپۆشی لێبکرێت، وەک تێروانینێکی خێرا بۆ ئەم بوارە مەترسیدارە. پێویستی بەوەیە و دەبێت تێروانینێکی خێرای نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێت، بۆ ئەو چەکانەی لە بارودۆخی شەڕدا بەکاردەهێنرێن، لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەیەکەوە بەکارهێنانی هەندێک چەکی ئاسایی قەدەغە دەکات یان سنووردار دەکات، کە ڕەنگە بە زیانبەخش هەژماربکرێت (عبد النبي، ٢٠٢٠، ١٤٧٢).

لە ئێستادا دەیان چەکی زیرەک و خۆکار دروستکراون بە تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد، کە بەبێ مرۆڤ دەتوانن شەڕ و کاری هەواڵگری بکەن وەک چەکی(LAWS) و فرۆکەی بێفرۆکەوان، ئەمەش گفتوگۆی یاسایی و ئەخلاقی دروستکردوە لە چوارچێوەی نێودەوڵەتیدا (ibelieveinsci,2016).

ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٠، لەبارەی هەندێک چەکی ئاسایی، کە عێراقیش ئەندامە لە ساڵی ٢٠١٤ پەسندیکرد(united nations treaty collections, 2014) هەروەها ١٢٦ وڵات پەسندیانکردوە تا ساڵی ٢٠٢٣(The Convention on Certain Conventional Weapons, 1980) لە پێشەکیەکەیدا دووپاتیکردەوە، کە لایەنە پەیمانبەستەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیاندا خۆیان لە هەڕەشە یان بەکارهێنانی هێز لە دژی سەروەری، یەکپارچەیی خاک یان سەربەخۆیی سیاسی هەر دەوڵەتێک یان بە هەر شێوازێکی دیکە، کە لەگەڵ ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ناگونجێت، خۆیان بە دوور بگرن(اتفاقية الأمم المتحدة لعام بشأن أسلحة تقليدية معينة ، ١٩٨٠).

ڕاستە، بۆ پرسی جەنگ و ئامرازەکانی وڵاتان، بە جیاواز و فرە جۆر چەک و ڕێگەکان بەکاردێنن، بەڵام ئەم ئازادیە ڕەها نیە و پەیوەستە بەو ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلانەی، کە نەتەوە یەکگرتووەکان دیاریکردوە. کەواتە، دەردەکەوێت، کەوا نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناڕاشکاوی باسی لە هزری دەستکرد کردوە، بەوەی کە ئەم ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلانە باسی ئەو چەکانەشیان کردوە، کە لە داهاتوودا پەرەی پێبدرێت و کاریگەری زیانبەخشی هەیە، بە سەر ژیانی مرۆڤایەتی و وڵاتان، چونکە سەرەتا وڵاتان سێ پرۆتۆکۆڵیان بەست، بەڵام دواتر وڵاتان دوو پرۆتۆکۆڵیتریشیان بەست بە ناوی چوارەم ١٩٩٥ بۆ چەکی لێزەر(الزمالی، ١٩٩٧، ٨٢)، و پێنجەم ٢٠٠٣ بۆ پاشماوەی جەنگ (پرۆتۆکۆڵی چوارەم، ١٩٩٥)( پرۆتۆکۆڵی پێنجەم٢٠٠٣)، کەواتە، ئەم پرۆتۆکۆلاتانە بەردەوام لەگەڵ دروستبوونی مەترسی و چەکی نوێ هەوڵی ئەوەیان داوە ڕێگری و کۆت بۆ چەکەکانی وەک ئەتۆمی و مین و پاشماوە مەترسیدارەکانی جەنگ دابنێن، ئەمەش دەتوانرێت ئەوەی لێبخوێندرێتەوە، ناکرێت، زانستی هزری دەستکرد بۆ ئەم مەبەستە قەدەغەکراوانە بەکاربهێنرێت بە ڕێگەی ئەولاتر. بەشێک لە پرۆتۆکۆڵەکان بۆ ململانێی نێودەوڵەتی بوون، بەشێکیشیان ناوخۆیشی دەگرتەوە.

لە سەر ئەم پرسە نەتەوە یەکگرتووەکان هەر بەو ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلانە نەوەستاوە، کە هزری دەستکرد لەگەڵ فراوانی تەنیا بەم شێوەیە بێت و بۆ پرسی چەک و مەترسیەکانی بێت، بەڵکو دەکرێتە ئامرازێکی گرنگی بۆ پرسی ڕاگرتنی جەنگ و نێوەندگیری وڵاتان لە پرسی شەڕدا، بەمەش بە هۆی ئەم تەکنەلۆژیا دیجیتاڵیە، خێرایە لە ناوەندگیریدا ڕۆڵێکی کارای دەبێت و دەتوانێت ناکۆکیە نێودەوڵەتییەکانیش شرۆڤە بکات، بەشێوازیکی واقعی(عبد النبي، ٢٠٢٠، ١٤٧٥)، هەروەک لە کاتی شەڕ و بەکارهێنانی سیستەمی دژە فڕین و موشەک و درۆن بەکاردەهێندرێت بۆ پووچەڵکردنەوەی ئەم کردارانەی، کە هەڕەشەن بۆ تێکدانی ئاسایشی نێودەوڵەتی. بۆیە پێویستە نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوام بریار و ڕاسپاردەی هەبێت، بۆ بەکارهێنانی چەک و ئەم سیستەمانە، کە مەترسین بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتی، بۆیە هزری دەستکرد کاریگەری باڵای دەبێت بۆ دژایەتیکردنی چەکی بەهێزیش، ئەگەرچی لەپێشدا گوتمان بۆ بەکارهێنانی چەکیش سوودی هەیە.

کەواتە، لێرەدا دەردەکەوێت، هزری دەستکرد کاریگەری زۆری لە سەر بارودۆخی جەنگ و ململانێی نێوان وڵاتاندا هەیە، بە تایبەت لە پرسی دروستکردنی چەکی نوێ و پێشکەوتوو، ئەمەش لەڕێگای ئەم ڕێککەوتننامە و پرۆتۆکۆلانەی باسمانکرد دەقیان داناوە، کە دەبێت جۆری چەک، هەروەها سنووری بەکارهێنانی تەنانەت لە کاتی جەنگیشدا دیاریبکرێت، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی مەدەنیەکان زیانیان پێبگات(البروتوكول الثاني المتعلق بالألغام والافخاخ الخداعية والاجهزة الأخرى، ١٩٨٠، م٢-٣-٤) کەواتە، دەرخەری ئەوەن، نابێت هیچ چەکێکی وا بەکاربێت، کە پێشێلی یاساکانی جەنگ بکات، ئەمەش هزری دەستکرد ئەگەر هاتوو بۆ پرسی چەک بەکارهات وەک چەکی زیرەک و فڕۆکە نابێت بە هیچ شێوازێک پێچەوانە بێت، بەڵام جگە لەمەش تەکنەلۆژیاکە ڕۆڵی زۆر کارا و نوێی هەیە بۆ نێوەندگیری لە نێوان لایەنەکان لە کاتی جەنگدا و بۆ پارێزگاری لە هێرشی دەرەکی و چەکدا، کە ئەمەش بە سوودی زانستەکە دادەنرێت(کریم، ٢٠٢٢، ٢٩-٣١) .

٢. جێبەجێکاریی هزری دەستکرد تایبەت بە مافی مرۆڤ

لە پێشتردا باسی جێبەجێکاری هزری دەستکردمان کرد لە سەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرسی ئاسایش و جەنگدا، کە بە دڵنیاییەوە کاریگەری لە سەر ئاراستەی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هەبووە، لێرەشدا باسی ئەو کاریگەریە دەکەین لە سەر پرسی مافی مرۆڤدا، لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢٤، بڕیارێک لەبارەی پرسی هزری دەستکرد دەرکرا، کە نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم بڕیاری نێودەوڵەتی لەبارەی هزری دەستکرد پەسەند دەکات، بە ئامانجی پاراستنی زانیاریە کەسیەکان و مافەکانی مرۆڤ(قرار اخذه الجمعية العامة في ٢١ اذار/مارس ٢٠٢٤)، کە لە لایەن ئەمریکاوە پێشنیازکراوە و لە لایەن چین و ١٢١ وڵاتی دیکەوە پەسندکراوە، تیایدا عێراقیش ئەندامە، هەروەها بڕیارەکە داوای بەهێزکردنی سیاسەتەکانی پاراستنی نهێنی دەکات، کە ئەو مەترسیە گەورەیە بۆ سەر مرۆڤ، کە هزری دەستکرد کۆنترۆڵبکرێت، نەک ڕێگای پێبدەن کۆنترۆڵمان بکات، چونکە نیگەرانی ئەوە هەیە، کە دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ تێکدانی دیموکراسیەت، هەروەها زیادکردنی ساختەکاری یان ببێتە هۆی لە دەستدانی هەلی کار بە شێوەیەکی بەرفراوان.

بڕیارەکەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە سیستەمی هزری دەستکردی سەلامەت و متمانەپێکراو، چەند خاڵێکی تێدایە، کە تیشک دەخاتە سەر پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، ئەمانەی خوارەوە گرنگترین خاڵەکانن کە پەیوەندییان بەم لایەنەوە هەیە(هەمان سەرچاوەی پێشوو):

١- جەختکردنەوە لە سەر مافەکانی مرۆڤ بڕیارنامەکە پابەندبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی بەکارهێنانی هزری دەستکرددا دووپاتدەکاتەوە. بڕیارنامەکە جەخت لە سەر پێویستی سیستەمی هزری دەستکرد دەکاتەوە، بۆئەوەی لەگەڵ یاسا و ستانداردە نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤدا بگونجێت.

٢- یەکسانی و جیاکاری نەکردن: لە بڕیارنامەکەدا داوا کراوە، کە سیستەمی هزری دەستکرد نەبێتە هۆی هیچ جۆرە هەڵاواردن و لایەنگریەک بەرامبەر بە هیچ کۆمەڵە مرۆڤێک، هەروەها ئەو سیستەمە بە شێوەیەک کەڵک وەربگیرێت، کە دادپەروەری و یەکسانی بەرەوپێش ببات.

٣- پاراستنی نهێنی و زانیاری بڕیارەکە جەخت لە سەر گرنگی پاراستنی نهێنی و زانیاری کەسی دەکاتەوە لە کاتی پەرەپێدان و بەکارهێنانی سیستەمی هزری دەستکرد. دەبێت ڕێوشوێنی پاراستنی گونجاو هەبێت بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە مافەکانی تاک بۆ پاراستنی نهێنی.

٤- بەشداری هەمەلایەنەی بڕیارنامەکە هانی بەشداریکردنی وڵاتانی تازەپێگەیشتوو دەدات لە پەرەپێدان و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد و داوای بەهێزکردنی توانا تەکنیکیەکانیان دەکات، بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە سوودمەند دەبن لە سوودەکانی پەرەپێدانی ئەم تەکنەلۆژیایانە.

بۆیە **ئەنتۆنیۆ گۆتێریس** سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان جەختی لەوە کردەوە، کە پەرەپێدانی هزری دەستکرد **"بۆ چاکەی گشتی"** پێویستی بەوە هەیە کۆنترۆڵبکرێت، کە ڕەگ و ڕیشەی لە مافەکانی مرۆڤ و شەفافیەتدا هەڵبقوڵێت. ئاماژەی بەوەشکرد، پێویستە هزری دەستکرد سوودی بۆ هەموان هەبێت (ماڵپەڕی هەواڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢٤)، چونکە بەشێکی مرۆڤایەتی تا ئێستا لەگەڵ جیهانی ئەنتەرنێت ئەو تێکەڵیەیان نیە، بۆیە دەبێت تەکنەلۆژیاکە سوودی بۆ ئەوانیش هەبێت. لێرەدا چەندین ڕۆبۆت پیشاندران، کە یارمەتی زۆری بۆ مرۆڤایەتی تێدابوو، لەوانە، پرسی مافی کەمئەندامان و خستنە خزمەتی ئەوان.

هەروەها دوای پەسندکردنی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لە پێشتردا بۆ مافی کەمئەندامان، جەختی زۆر لە سەر ئەوە دەکاتەوە هەمویان بە یەکسانی سوود لە ئامرازە پێشکەوتوەکان دەبینن، هەروەها ئەمەش بە دڵنیاییەوە هزری دەستکرد ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت (Alexiadou, 2022, ١٤٢)، بۆ دروستکردنی کەلوپەل و ئامێری پێشکەوتوو تاوەکو کار ئاسانی بۆ کەمئەندامان بکات، لەوەی

بتوانن کەمتر هەست بە کەموکوڕیی جەستەی بکەن، لە ڕێی ئەو بەشە جەستەییە زیرەکانی توانای جوڵە و ڕۆیشتن... هتدیان هەیە. بەڵام لە ڕووی لایەنی یاسا تاوانکاریەکان دوو سەرەیە، بەشێکی بۆ ساختەکاریش بەکاردێت لە پرسی تاوانکاری و ڕوواندنی هەلی زیاتری ساختەکاری، ئەمەش مەترسی گەورە دەخاتە سەر پرسی زانیار و دڵنیایی، جا چ نێودەوڵەتی یان ناوخۆیی بێت، بەڵام ڕێگەیەکی خێراشە بۆ دەستکەوتنی زانیاری و داتا و دەستگەیشتن بە بەڵگە و پێگەی تاوانی (Custers, 2023, 208).

نوسینگەی ڕاسپێردراوی باڵای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوکاری کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا و دەوڵەتان دەکات بۆ دەستەبەرکردنی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە بواری دیجیتاڵیدا، پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ بازرگانەکان تا ڕادەیەک بەرفراوانە، لە هەندێک ناوچەی جیهاندا بەرنامەیەکی سەرەکیمان هەیە، کە بە **پرۆژەی بازرگانی و مافی مرۆڤ و تەکنەلۆژیا** ناسراوە، کە هەوڵدەدات جێبەجێکردنی بنەما و ڕێنماییەکانی بازرگانی و مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کەرتی تەکنەلۆژیاوە باشتر بکات، ئەمانەش زیاتر لە ئەوروپا و ئەمریکای باکوردا بەشدارن، بەڵام زۆر گرنگە ئەم پرۆژەیە فراوانتر بکرێت و پەیوەندی لەگەڵ کۆمپانیاکان بکەن، کە بنکەکانیان لە هەموو ناوچەکانی جیهانە، هەروەها لەگەڵ وڵاتانی ئەندامدا پەیوەندی دەکەن، چالاکترین شێوە لە ڕێگەی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنەکانە، لەگەڵ ڕێکارە تایبەتەکان و میکانیزمەکانی دیکەی مافی مرۆڤ، ڕاپۆرت لە سەر کۆمەڵێک پرسی سەرەکی بەرفراوان ئامادەدەکرێت، لەوانەش مافی (تایبەتی) لە سەردەمی دیجیتاڵی و ئینتەرنێتدا و پرسە گرنگەکان سەبارەت بە کۆدکردن و چاودێریکردن لە بەکارهێنانی سیخوڕی و هاککردندا. ئەمە لە دادگا ناوچەییەکانیش لە سەرانسەری جیهاندا ئاماژەی پێدەکرێت، بۆئەوە نموونەیەکی ئەم دواییەیە، لەم بارەیەوە، دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا لەم دواییانەدا کارەکانی ئێمەی لە بڕیارێکدا لەبارەی کۆدکردنی کۆتایی بە کۆتایی (end to end) ئاماژەی پێکرد. (ONCHR, 2024).

ڕاستە، ترسی زۆری ئەخلاقی و یاسایی هەیە، لەبارەی پرسی مافەکانی مرۆڤ و هزری دەستکرددا، بەڵام دەبێت مافەکانی مرۆڤ سەنتەری تەکنەلۆژیایەکە بن و ڕەچاوی یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بکە (Tzimas, 2022, 145)، بۆئەوەی زۆرترین خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن و نەبێتە چەکێک لە دژی مرۆڤ.

٣. جێبەجێکاریی هزری دەستکرد تایبەت بە گەشەپێدانی بەردەوام

گەشەپێدانی بەردەوام گەشەپێدانێکە، کە پێداویستییەکانی ئێستا دابین دەکات، بەبێ ئەوەی سازش لە سەر توانای نەوەکانی داهاتوو بکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆیان، ئەمەش واتا نەوەکانی داهاتوو لە سەروەتەکانی ئێستادا بێبەش نەبن(Asheim, 1994, 4). کەواتە، ئەرکێکی ئەخلاقی جیهانییە، کە دەبێت هەماهەنگی گشتی هەبێت بۆ پرسەکە.

بڕیاری ناوبراو چەند خاڵێکی پەیوەست بە گەشەپێدانی بەردەوام لەخۆدەگرێت:

١- جەختکردنەوە لە سەر پابەندبوون بە گەشەپێدانی بەردەوام بڕیارنامەکە پابەندبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوامی ساڵی ٢٠٣٠ دووپاتدەکاتەوە، هەروەها جەخت لە سەر گرنگی بەکارهێنانی هزری دەستکرد وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە دەکاتەوە بەدەستهێنانی گەشەپێدانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی بە شێوەیەکی هاوسەنگ و بەردەوام.

٢- ئیستغلالکردنی دەرفەتەکان: بڕیارەکە هاندەری ئیستغلالکردنی ئەو دەرفەتانەیە، کە سیستەمی هزری دەستکرد بۆ باشترکردنی کوالێتی ژیان و بەدەستهێنانی گەشەسەندنی بەردەوام. داوای پەرەپێدانی سیاسەتی نیشتمانی دەکات، کە داهێنان و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی بەرەوپێش ببات، لە هەمانکاتدا ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و پێشخستنی شەفافیەت و لێپرسینەوە.

٣- هاوکاری نێودەوڵەتی: بڕیارنامەکە داوای بەهێزکردنی هاوکاری نێودەوڵەتی دەکات لە توێژینەوە و پەرەپێدانی AI بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە سوودەکانی دەگاتە هەموو وڵاتان بە وڵاتانی

تازەپێگەیشتووەکانیشەوە. هاندەری هاوبەشیکردنی زانیاری و ئاڵوگۆڕی ئەزموونەکانە بۆ پشتگیریکردن لە گەشەپێدانی بەردەوام لە سەرانسەری جیهاندا .

٤- پاراستنی ژینگە: بڕیارەکە ئاماژەیە بۆ گرنگی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد بۆ پاراستنی ژینگە و بەرەوپێشبردنی بەردەوامی ژینگە. داوای پەرەپێدانی چارەسەری تەکنەلۆژی دەکات، کە بەشداربێت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگە ژینگەییەکانی وەک گۆڕانی کەشوهەوا و بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتیەکان بە شێوەیەکی کاریگەر.

هەروەها لە ڕاپۆرتێکی یەکێتی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکان (ITU) لەژێر ناونیشانی چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری هزری دەستکرددا، لە ساڵی ٢٠١٩، ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە هەوڵێکی هاوبەش لە نێوان یەکێتی و ٣٢ دەزگا و ئۆرگانەکانی سەر بەو ڕێکخراوە هەیە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان، بە مەبەستی گەیشتن بە چاکەی گشتی کۆبوونەوەکە لە ٢٤ی ئەیلوولی ٢٠١٨ لە بارەگای سندوقی دانیشتوانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNFPA) لە نیویۆرک ڕێکخرا. ڕاپۆرتێک لە سەر چالاکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە هزر دەستکرد لە مانگی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ ئامادەکرا. ئەم ڕاپۆرتە زانیاری لەخۆدەگرێت لەبارەی چالاکییە هەمەچەشن و داهێنەرەکانی پەیوەست بە هزر دەستکرد لە سیستەمی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێگاکانی بەکارهێنانی هزر دەستکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی برسێتی و کەمکردنەوەی گۆڕانی کەشوهەوا و پێشکەوتن بەدەستهێنانی تەندروستی بۆ هەموان، لە هەموو بوارەکانی تەندروستی و کشتوکاڵی و ئابووری... هتد. یەکێتی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکان؛ پەیوەندی و کاری هاوبەشی هەیە لەگەڵ دەزگا و دامەزراوەکانی ناو نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد بە تایبەت بۆ ئامێری پزیشکی پێشکەوتوو، بۆ پاراستنی گیانی خەڵک بە تایبەت لە ئەزمە گشتیەکاندا، هەروەها بواری کشتوکاڵی بۆ ڕزگارکردنی خەڵک لە برسیەتی، هەروەها سوود وەرگرتنی زیاتری خەڵک لە ئامرازە مۆدێرنەکان، بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر(حسن، ٢٠٢٣، ١٣٢-١٣٣)(عبد النبي، ٢٠٢٠، ١٤٧٧-١٤٧٩).

ڕێکخراوی یونسکۆش، ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە کارکردن لە سەر ئەو زانستە و سوودلێوەرگرتنی بۆ بابەتی ڕۆشنبیری و هەمەڕەنگ و پەروەردەیی، هەربۆیە یونسکۆ بەشداریەکی تەواو و چالاکی دەبێت لەم گفتوگۆیەی جیهاندا. دەستەی ڕاوێژکارەکان پێشتر چەند ڕاپۆرتێکیان بڵاوکردۆتەوە لەبارەی ڕۆبۆتەکان، وەک ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی جیهانی ئەخلاقی زانستی و تەکنەلۆژیا لە سەر ئەخلاقی ڕۆبۆتیک لە ساڵی ٢٠١٧دا، جاڕنامەی جیهانی سەبارەت بە جینۆمی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٩٧و جاڕنامەی جیهانی لەبارەی بایۆتیک و مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ٢٠٠٥(UN, 2024).

لەم دواییانەدا، بابەتێکی زۆر گرنگی پەیوەندار بە سیستەمی یاسایی، لە جیهاندا هاتۆتە بەرباس، کە پرسی جێبەجێکاریی دادگا و سیستەمی هزری دەستکردە کە وەک لێکۆڵەر و وەرگری باج کاربکات، هەر بۆ نموونە ئەو ڕۆبۆتەی چین لە کاتی کۆرۆنای ٢٠١٩ دروستی کردبوو، کە کاری کۆکردنەوەی بەڵگە و لێکۆڵینەوە بوو، هەروەها لە فەڕەنسا توانرا بە هۆی ئالگۆریتمی هزری دەستکرد ٧٠٠ ملیۆن یۆرۆ وەک باج وەرگرن(Cui, 2022, 363). کەواتە، هەموو ئەوە خزمەتی لایەنی کار و پیشە دەکات، ئەمەش ڕاستەوخۆ گەشەپێدانی بەردەوامی بواری زانستی و مەعریفیی مرۆڤە بۆ خزمەتی مرۆڤ.

لە بواری تەندروستیشدا کاری زۆر بۆ ئەوە دەکرێت، کە هزری دەستکرد وەک ئامێر و چارەسەری بۆ نەخۆشی گەورە بەکاربهێندرێت، ئەمەش دیسان پلانێکی گرنگی گەشەپێدانی بەردەوامی نەتەوە یەکگرتووەکانە، ئەمینداری گشتیی یەکێتی نێودەوڵەتی پەیوەندییەکان ئاماژەی بەوەدا، سوودەکانی هزری دەستکرد بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ نەخۆشیەکانی وەک، شێرپەنجە و ئەلزەهایمەر و زیادکردنی بەرهەمهێنانی وزەی پاک و پاڵپشتیکردنی جوتیاران بۆ زیادکردنی بەرهەمەکانیان بەکاردەهێنرێت و پەرەی پێدەدرێت(هەواڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠٢٤).

لە بواری لێخوڕینی ئۆتۆمۆبێل و سەلامەتی هاووڵاتییان و پاراستنیان لە ڕووداوی هاتووچۆدا، پلانێکی زۆر و پرۆژەیەکی بەردەوامی وڵات و کۆمپانیا پێشکەوتوەکانی جیهانن، کە چۆن سیستەمی زیرەک لە ناو ئۆتۆمۆبێل و ڕێگاکان دابنێن و ڕێگەی پەڕینەوەی زیرەک دروستبکەن( Chen Liu, Iain Law and Kin Law, 2022, 112)، بە دڵنیاییەوە ئەمەش ناوەڕۆک و ئامانجی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ پرسی پاراستنی مرۆڤ و دانانی سیستەمێکی شەقامی زیرەک، کە ڕێژەی ڕووداو بە شێوەیەکی جیهانی کەم ببێتەوە.

لە بواری کشتوکاڵیدا، کە ئەمەشیان دیسان بابەتێکی گرنگی ناو پرسی گەشەپێدانی بەردەوامە، زۆر ئامرازی گرنگ خراونەتەڕوو، کە لە ڕاستیدا، لە وڵاتانی پێشکەوتوو و تازەپێگەیشتوودا، کشتوکاڵ بڕبڕەی پشتی ئابوورییە، کە سەرچاوەی داهاتی گرنگی کۆمەڵگە گوندنشینەکانە و ملیۆنان کرێکاری تێدا دامەزراندوە، لە هەندێک وڵاتدا کشتوکاڵ سەرچاوەی سەرەکی داهاتە و پێکهاتەیەکی سەرەکی بەرهەمی ناوخۆیی گشتی پێکدەهێنێت، لەگەڵ زیادبوونی داواکاری جیهانی بۆ بەرهەمە کشتوکاڵیەکان و کاریگەریەکانی گۆڕانی کەشوهەوا، هەروەها ژمارەی دانیشتوانی جیهان تا کۆتایی ساڵی ٢٠٥٠ دەگاتە ٩.٧ ملیار کەس، بەڵام تەنیا ٤٪ی زەوی بۆ چاندن بەردەستە. بەرهەمهێنانی خۆراک، ناتوانێت لەگەڵ خواستەکاندا بگونجێت. کاریگەریەکانی گۆڕانی پلەی گەرمی، وشکەساڵی و لافاو، دەتوانێت کشتوکاڵکردن بکاتە شتێکی ناپایەدار، خێراکردنی وەرینی خاک یان کەمکردنەوەی ئاو بەم شێوەیە، ئەمەش هەڕەشەیە بۆ سەر جیهان. لێرەدا هزری دەستکرد شۆڕشێکی نوێی کشتوکاڵی دەستپێدەکات، ڕێگا بە خەڵک دەدات دەستکاری ژینگە بکەن بۆ ئەوەی بە خێرایی و بە شێوەیەکی کارا بەرهەمەکان دروێنە بکەن. هەروەها چاودێری بارودۆخی خاک دەکات و کۆنترۆڵکردنی ئافاتەکان ئەنجام دەدات و پێشبینی وردی کەشوهەوا دەکات. بەرهەمهێنانی خۆراک بە شێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات و ئابووری جیهانی بەرز دەکاتەوە(هەمان سەرچاوە، ١١٢)، ئەمەش زۆر گرنگە بۆ ئەوەی کشتوکاڵ نەک تەنیا وەک بابەتێکی لۆکاڵی، بەڵکو وەک بابەتێکی جیهانی هزری دەستکرد دەکاتە ئامرازی گەشەپێدانی بەردەوام، چونکە لە ئێستادا جوتیاران دەتوانن لە ڕێگەی ئەپی مۆبایلەکانیان ئاگاداری نەخۆشی و بارودۆخی بەرهەمەکانیان بن.

هزری دەستکرد لە هەموو بوارەکاندا کاریگەی هەیە لە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناشتوانیت پشتگوێیان بخات، چ لە بواری ژینگە و ئەو گۆڕانانەی کە ڕوودەدەن لە بواری بازرگانی و سیاسی و ئەمنی نێودەوڵەتی... هتد. کاریگەری باش و خراپی هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پێی تێگەشتن لەوەی پێش ئەوەی بێت، خەریکی ئەوەن سوود لە کاریگەریە باشەکان ببینن و ڕێگری و کۆت بۆ کاریگەریە خراپەکانیش دابنێن، بەڵام تا ئێستاش ناڕوونی زۆر لە سنووری بەکارهێنانی زانستەکە هەیە، کە لە دەستی زۆر لایەندایە و نەوەستاوە. بەمەش کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ناچار دەکات ڕوو لە ڕێکخستن و شرۆڤەکردنی واقع بکات لەگەڵیدا، بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان، تەکنەلۆژیای هزری دەستکرد، ئەگەر نەشتوانێت خزمەتی مرۆڤایەتی بکات، نابێت ببێتە هۆی ئەوەی مەترسی دروست بکات، واتا، هەم بەگەڕخستنی سوودە، هەمیش لادانی مەترسیەکانە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، ئەم توێژینەوەیە کورتەیەکی شرۆڤەکاریی ئەم زانستەیە لە سەر پرسی یاسایی و تایبەتیش کاریگەریەکانی لە سەر کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

## ٤. کۆتایی

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەم ئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

### ١. ئەنجامەکان

١. بە زۆر شێواز زانستی هزری دەستکرد ناسێنراوە، زاراوەیی، زمانەوانی و گرنگترینیان بۆ توێژینەوەی ئێمە لە ڕووی یاساییەوەیە، کە پێناسەیەکی جامع و مانع نیە، بەڵکو هەر یاسایە و بە جۆرێکە، کە لەگەڵ پێشکەتن و دەستڕاگەیشتنی تەکنەلۆژیاکانیان دەگونجێت، گرنگییەکی زۆری هەیە چ وەک چەمک ناساندن چ لە پرۆژەکانی وڵاتانی پێشکەوتوودا وەک ئەمریکا و ئەوروپا، بەردەوام پێشنیاز و پرۆژە یاسا دەخەنەڕوو بۆ ڕێکخستنی ئەم زانستە و بە ئامێرێکی هزری خۆکارانەیان ناساندوە، کە دەتوانێت کار ئاسانی بکات، بەڵام ئەمەش بێکەموکوڕی و ناڕوونی نیە، بەڵکو گەلێک کەموکوڕی و ناڕوونی هەیە لە پێناسەیەکی ورد و ڕوون بۆ زانستەکە لە ڕووی یاسایی.

٢. زانایان هزری دەستکرد دابەشدەکەن بۆ چەند جۆرێک، چ لە ڕووی ئامێری و چ لە ڕووی سنووری کارکردنیاندا. بۆیە چەندین جۆری هەیە، تاقەی هەر یەکەیان بە جۆرێکە و لەگەڵ سەردەم تایبەتمەندیەکانی خۆیان کارلێکیان هەیە. ئەمەش ئەو فرە جۆریە وا دەکات، کەوا کاریگەریەکانی ئەم زانستە هەمەجۆر و جیاواز بێت، وەک یەک نەبن، بۆیە لەگەڵ بەرەوپێشچوونی تەکنەلۆژیا، زانستەکە دەستی دەگات بە جۆر و شێوەی نوێ و کاریگەریەکانی لە بواری یاسا بە گشتی دەگۆڕین، بە تایبەتیش لە بواری یاسای نێودەوڵەتی.

٣. هزری دەستکرد جێبەجێکارییەکانی لە سەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرسی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا زۆرن بە تایبەت بۆ دروستکردنی چەک و تەقەمەنی نوێ، کە زۆر پێشکەوتوون. بەمەش لە ڕووی نێودەوڵەتی، کە چەندین ڕێککەوتننامە و پرۆتوکۆڵ بۆ پرسی شەڕ و ئاشتی و بەکارهێنانی چەک و جەنگ بەستراون بە گشتی و بۆ ئەم پرسەش دەتوانرێت وەک تایبەت ڕێککەوتننامەیەک نیە، کە باسی چەکێکی دروستکراوی هزری دەستکرد بکات، بەڵام بە گشتی هەر کردەیەکی مەترسی دروست بێت دەبێت ڕێگری و کۆت دابنێن لە بەردەم مەترسییەکاندا، کەواتە، ئەم ڕێککەوتننامانە گشتین لە سەر چەکە نوێیەکانی هزری دەستکردی جێبەجێ دەبن کە مەترسین بۆ سەر مرۆڤایەتی.

٤. لەگەڵ ئەمەشدا هەر هزری دەستکرد جێبەجێکارییەکانی لە سەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرسی ئاسایشدا کورت نابنەوە لە تەنیا چەک و ئامرازی شەڕ، بەڵکو ئامرازێکی گرنگی نێوەندگیریشە، کاریگەری باڵای دەبێت بۆ دژایەتیکردنی چەکی بەهێزیش، ئەگەرچی لەپێشدا گوتمان بۆ بەکارهێنانی چەکیش سوودی هەیە.

٥. جێبەجێکارییەکانی هزری دەستکرد لە سەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسی مافەکانی مرۆڤدا، گەلێک کاریگەری هەیە، کە پێویستی بە سیستەمی ئاکاریی تۆکمە هەیە تاوەکو شکۆ و مافەکانی بپارێزێت.

٦. جێبەجێکاریەکانی هزری دەستکرد لە سەر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان پرسی گەشەپێدانی بەردەوامدا، خۆی دەبینێتەوە لەو پێشکەوتنەی لە زانستەکەدا هەیە، لە بواری مرۆیی، ئابووریی کشتوکاڵ، پەروەردە و زانستی... هتددا، بەڵام کاریگەریەکانی دوو لایەنەیە، لایەنێکی بریتییە لە سوودەکان و لایەنەکەی دیکە بریتییە لە مەترسییەکان، بۆیە بەردەوام نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵی ئەوەدایە سوودەکان زیادبکات و زیانەکانیشی ڕێکبخات و کەمی بکاتەوە.

٢. ڕاسپاردەکان

١. پێشنیازدەکەین، کەوا لە بواری یاسایی زیاتر گرنگی بە زانستی هزری دەستکرد بدرێت و بخرێتە خزمەت مرۆڤایەتی بە شێوازی نێودەوڵەتی و ناوخۆی.

٢. ڕێکخستنی ڕوون و زیاتری بۆ بکرێت بە تەنیا ڕێککەوتننامە هەبووەکان بەس نین بۆ ڕێگریکردن لە بەکارهێنانی بە شێوازیکی زیانبەخش و ساختەکاریدا بە تایبەت لە بواری تاوانکاری و سیاسی و ئابووریدا.

٣. ئەتەوە یەکگرتووەکان کاری زیاتر و وردتر بکەن لەبارەی ڕۆڵی زانستی هزری دەستکرد لە بواری پیشەسازیدا، چونکە پەیوەندییەکی زۆری بە گۆڕانی ژینگەوە هەیە، لەم ڕێگایەوە هزری دەستکرد هەوڵی گۆڕانکاری داوە.
٤. لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکخستنی جیهانیی زانستی هزری دەستکرد لە بوارەکانی پەروەردەیی، سیاسی، تەندروستی، کشتوکاڵی... هتد، بۆئەوەی خزمەتی مرۆڤایەتی بکات و ڕێگری بکرێت لەوەی دژی مرۆڤایەتی و بێ یاسا بەکاربێت.

٥. لیستی سەرچاوەکان


١. بە زمانی عەرەبی:
١. معهد الدراسات المصرفي(٢٠٢١)، الذكاء الاصطناعي، ناشر: اصاءات، معهد الدراسات المصرفية، السلسة(١٣)، العدد(٤)، كويت،.
٢. إسلام دسوقي عبد النبي(٢٠٢٠)، دور تقنيات الذكاء الاصطناعي في العلاقات الدولية والمسئولية الدولية عن استخداماتها. المجلة القانونية، المجلد(٤)، العدد(٨)،١٤٤٣-١٤٩٠.
٣. عامر الزمالى(١٩٩٧)، مدخل الى القانون الدولي الإنساني، معهد العربي للحقوق الانسان، الطبعة الثانية، تونس.
٤. سلام عبد الله كريم(٢٠٢٢)، التنظيم القانوني للذكاء الاصطناعي، اطروحة الدكتوراه، كليه القانون- جامعه كربلا- العراق.
٥. حسام الدين حممود حسن(٢٠٢٣)، واقع الشخصية القانونية للذكاء االصطناعي، مجلة روح القوانين – العدد المائة واثنان.
٢. پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان:
١. اتفاقية الأمم المتحدة لعام ١٩٨٠ بشأن أسلحة تقليدية معينة.
٢. البروتوكول (١) الإضافية ل اتفاقية الأمم المتحدة لعام ١٩٨٠ بشأن أسلحة تقليدية معينة لحظر الاسلحة الرامية (تسبب جروح بشظايا واجزاء غير قابلة للكشف)
٣. البروتوكول (٢) الإضافية ل اتفاقية الأمم المتحدة لعام ١٩٨٠ بشأن أسلحة تقليدية معينة لحظر العبوات والفخاخ (الالغام ) ١٩٨٠ .
٤. البروتوكول (٣) الإضافية ل اتفاقية الأمم المتحدة لعام ١٩٨٠ بشأن أسلحة تقليدية معينة لحظر الاسلحة الحارقة١٩٨٠.
٥. البروتوكول (٤) الإضافية ل اتفاقية الأمم المتحدة لعام ١٩٨٠ بشأن أسلحة تقليدية معينة لحظر اسلحة الليزر المانعة للرؤيا ١٩٩٥.
٦. البروتوكول (٥) الإضافية ل اتفاقية الأمم المتحدة لعام ١٩٨٠ بشأن أسلحة تقليدية معينة للمخلفات الحربية٢٠٠٣.
٧. تقرير الاتحاد الدولي للاتصالات. عن حالة التعاون بين البلدان النامية، في مجال تكنولوجيا المعلومات والاتصالات٢٠١٩.
٨. قرار اخذه الجمعية العامة في ٢١ آذار/مارس ٢٠٢٤
٣. بە زمانی ئینگلیزی:

1. A group of students(2015), Artificial Intelligence and intelligence system, Tutorials Point.
2. Albert Chun Chen Liu, Iain Law, Oscar Ming Kin Law(2022), Understanding Artificial Intelligence, IEEE Press 445 Hoes Lane Piscataway, NJ 08854, New Jersey.
3. Bart Custers(2022), AI in Criminal Law: An Overview of AI Applications in Substantive and Procedural Criminal Law, Chapter 11, Information Technology and Law Series, Volume 3, Springer.
4. Elisavet Athanasia Alexiadou(2022), Grant from Leiden University. Artificial Intelligence in Disability Employment: Incorporating a Human Rights Approach, Chapter 7, Information Technology and Law Series, Volume 3, Springer.
5. Erin Zaroukian(2022), Theory of Mind and Meta reasoning for Artificial Intelligence: A Review, DEVCOM Army Research Laboratory.
6. Lijia Chen, Pingping Chen, and Zhijian Lin(2020), Artificial intelligence in education: A review, Ieee Access 8: 75264-75278.
7. Moumita Ghosh(2021), A. Thirugnanam, Artificial Intelligence for Information Management: A Healthcare Perspective, Volume 88.
8. Noam Chomsky, Ian Roberts, and Jeffrey Watumull(2023), Noam Chomsky: The false promise of ChatGPT, The New York Times 8.
9. Raja Chatila(2018), et al, Toward self-aware robots, Frontiers in Robotics and AI, 5: 88.
10. Stuart J. Russell and Peter Norvig(2010), Artificial Intelligence A Modern Approach, Third Edition, PEARSON, New York.
11. Themistoklis Tzimas(2022), Legal and ethical challenges of artificial intelligence from an international law perspective. Vol. 46. Springer Nature, Chapter:3.
12. Themistoklis Tzimas(2022), Legal and ethical challenges of artificial intelligence from an international law perspective. Vol. 46. Springer Nature, Chapter:6.

13.Yadong Cui(2022), Blue Book on AI and Rule of Law in the World (2020), Shanghai People's Publishing House, China (Mainland).
14.European Commission(2021), proposal for a regulation of the european parliament and of the council laying down harmonised rules on artificial intelligence (artificial intelligence act) and amending certain union legislative acts, Brussels.
15.Geir b. Asheim(1994), sustainability, PRWP, Norway.

٤. ویبسایتەکان:

١. ماڵپەڕی فەرهەنگی ئەلمەعانی : ڕێکەوتی دواین سەردان ١ ی ٥ ی ٢٠٢٤
https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D8%A7%D9%84%D8%B0%D9%83%D8%A7%D8%A1-%D8%A7%D9%84%D8%A7%D8%B5%D8%B7%D9%86%D8%A/7%D8%B9%D9%8A

٢. ماڵپەڕی فەرهەنگی کامبریج: ڕێکەوتی دواین سەردان ١ی ٥ی ٢٠٢٤
https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/artificial

٣. فەرهەنگی برادۆست:
name=Intelligence&=fid&=https://www.bradost.net/ferheng/?detail

٤. ماڵپەڕی فەرهەنگی کامبریج: ڕێکەوتی دواین سەردان ١ی ٥ی ٢٠٢٤
https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/intelligence

٥. ماڵپەڕی کۆرسێرا: ڕێکەوتی دواین سەردان ١ ی ٥ی ٢٠٢٤
https://www.coursera.org/articles/types-of-ai

٦. ماڵپەڕی فرانس٢٤: ڕێکەوتی دواین سەردان ٤ی ٥ی ٢٠٢٤
الأمم المتحدة تعتمد أول قرار دولي حول الذكاء الاصطناعي بهدف حماية البيانات الشخصية وحقوق الإنسان (france24.com)

٦. ماڵپەڕی سەرەکی هەواڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان: ڕێکەوتی دواین سەردان ٤ی ٥ی ٢٠٢٤
الأمين العام يدعو إلى تنظيم الذكاء الاصطناعي من أجل المنفعة العامة | أخبار الأمم المتحدة (un.org)

٧. ماڵپەڕی سەرەکی (UN): ڕێکەوتی دواین سەردان ٤ ی ٥ی ٢٠٢٤
نحو أخلاقيات الذكاء الاصطناعي | الأمم المتحدة (un.org)

٧. ماڵپەڕی سەرەکی (disarmament.unoda): ڕێکەوتی دواین سەردان ٣ ی ٦ی٢٠٢٤
https://disarmament.unoda.org/the-convention-on-certain-conventional-weapons

٨. ماڵپەڕی سەرەکی (treaties.un): ڕێکەوتی دواین سەردان ٣ی ٦ ی ٢٠٢٤
https://treaties.un.org/pages/TreatyParticipantSearch.aspx?clang=_en

٩. ماڵپەڕی سەرەکی (ibelieveinsci): ڕێکەوتی دواین سەردان ٣ی ٦ی ٢٠٢٤ https://www.ibelieveinsci.com/%d8%a7%d9%84%d8%a7%d8%b3%d9%84%d8%ad%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d9%81%d8%aa%d8%a7%d9%83%d8%a9-%d8%b0%d8%a7%d8%aa%d9%8a%d8%a9-%d8%a7%d9%84%d8%aa%d8%ad%d9%83%d9%85-%d9%87%d9%84-%d9%8a%d9%85%d9%83%d9%86-%d8%a7/

١٠. ماڵپەڕی سەرەکی (ONCHR): ڕێکەوتی دواین سەردان ٤ی ٥ی ٢٠٢٤ https://www.ohchr.org/ar/stories/2024/02/ai-force-good<4-5-2024last visited>

تأثير الذكاء الاصطناعي على عمل الأمم المتحدة (دراسة تحليلية)

ملخص

تتمتع تكنولوجيا الذكاء الاصطناعي بأهمية عميقة، خاصة في مجال الفقه القانوني الدولي. ونظراً لطبيعتها الدقيقة، وخاصة في سياق قرارات الأمم المتحدة، فمن الضروري ضمان أخذها في الاعتبار على النحو اللائق في المساعي الدولية. ونظرا لحساسيته الشديدة، وخاصة في مداولات الأمم المتحدة، فإن فهم الآثار القانونية والعالمية المترتبة على وظائف الذكاء الاصطناعي أمر بالغ الأهمية، وخاصة فيما يتعلق بتفويضات الأمم المتحدة. وبالتالي، فإن الهدف من هذا البحث هو توضيح دور وأهمية الذكاء الاصطناعي في المواضيع الحقوق الإنسان، الأمن الدولي، التنمية المستدامة. ولتحقيق هذا الهدف، يتم استخدام منهجيات تحليلية لفحص المفاهيم والأطر القانونية للقانون الدولي. تؤكد نتيجة هذه الدراسة على التأثير الكبير للذكاء الاصطناعي في تشكيل مسار أنشطة الأمم المتحدة، مما يستلزم بذل جهود متواصلة من جانب وكالات الأمم المتحدة للتنقل بشكل فعال في تكاملها.

**الكلمات المفتاحية:** الذكاء الاصطناعي، القانون الدولي، الأمم المتحدة، حقوق الإنسان، الأمن الدولي، التنمية المستدامة.